**وەڵامێک لە کۆمپانیای شاهۆوە بۆ چارەسەری سەرروتانەوە بۆ نوسەری بەرێز ... بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای شاهۆ قەلەندەر بەرزنجی**



بەرهەمەکانی شاهۆ لە گیای کوردستان لە ئەڵمانیا لە سەربنەماکانی ستاندەردی ئەوروپی بۆ بەرهەمهێنانی کۆسمەتیکی سروشتی گاریگەر بە هاوکاری 2 کۆمپانیای ئەڵمانی بەرهەم دێن * (بەڵگە 1) .

کاریگەری بەم شێوەیەیە/ لە رێگەی دووبارەژیانەوە و نۆرمالیزەکردنەوەی خانەکانی پێست و کرادارەکانی کۆمەڵێك لە گرفتەکانی پێست چارەسەر ئەکات لەوانە مووووەرین رادەگرێت و هانی دووبارەڕوواندنەوەی مووەکان دەدات و کرێشك و خورانی پێستی سەر ناهێڵێت وبەرگری لە سپی بونی مووەکان دەکات بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی لاوەکی هەبێت.

ئەم ڕاستیانە هەم بە تاقیکردنەوە سەلمێندراوە کە سەدان کەس بەکاریان هێناوە بڕوانە چەند نمونەیەك (بەڵگە 3) و هەم لە تێستی (دێرماتۆلۆجیکەڵ) تێستی پزیشکی کە لەلایەن کۆمپنایی ئەڵمانی دێرماکۆنسولتەوە کراوە لەسەرجەمی ئەو تاقیکردنەوانەدا بەرهەمەکانی شاهۆ لە سەر پێستی 200 کەس لە ئەڵمانیا تاقی کراونەتەوە بە سەرپەرشتی پزیشکی پێست و دکتۆری کیمیا وە سەلماندیان کە بەرهەمەکانی شاهۆ نەك تەنها زیانی لاوەکی نیە بەڵکو تەنها لە ماوەی 72 کاتژمێردا رێژەی 25% کەسەکان سودمەندبوون لە بەکارهێنانی شاهو (بەڵگە 4) .

هەروەها ئەم بەرهەمانە هیچ جۆرە ڕەنگ یان بۆن (پارفیوم) یان مادەیەکی کیمیاوی کاریگەر تەنانەت مەوادی پاراستنیشیان (مواد حافظە) تێدا نیە، جگە لە شامپۆی شاهو کە تەنها موادی پاراستنی تێدایە (بەڵگە 5 تێستی مایکرۆبایۆلۆجی کە لە لایەن باڤ ئیستیتیوتی ئەڵمانیەوە کراوە) .

بەرهەمەکانی شاهۆ بڕوانامەی داهێنانی لە ئەڵمانیا بەدەست هێناوە (بەڵگە 6) و لە رێگەی بنکەی داهێنانی یەکێتی وڵاتانی ئەوروپاوە لە 30 وڵاتی ئەوروپی تۆمارکراوە (بەڵگە 7) و هەروەها لە بنکەی داهێنانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیماراتی عەرەبی تۆمارکراوە و لە ریگەی رێکخراوی ویپۆ (رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی زانستی، یەکیکە لە 16 رێکخراوەکانی نەتەوەیکگرتووەکان لە جنێف) لە زۆربەی وڵاتانی جیهان تۆمارکراوە، نزیکەی 150 وڵات (بەڵگە 8) .

ناوی شاهۆ کە ناوێکی کوردیە و ناوی چیایەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو مارکەیەکی ئەوروپی تۆمارکراوە و بەجیهان ناسراوە (بەڵگە 9) .

جیگەی داخە کە کەسێکی وەکو کاك دانا عەلی سالەح، بەبێ ئەوەی هیچ گوێبداتە رەنج و ماندوبونی چەندەها ساڵمان و ئەو هەموو بەڵگەنامانەی کە لەبەردەستماندایە و سەلماندنی کاریگەری بەرهەمەکانی شاهو و باوەر پێ کردنی لە سەر ئاستی جیهانی زۆر بەناهەق بە کلاوات وقۆڵبڕ و گیرفان پرکەر ناومان دەبات!!!! بێگومان ئەگەر مەبەستمان گیرفان پڕ کردن بوایە رێگە و کاسەبەتی تر زۆرە و هەموو دەیزانین.

بێگومان هیچ چارەسەرێك نیە کە کاریگەری ئەبسلوت (مطلق) بێت و هەمان کاریگەری و لەلای هەمووکەسەکان وەکو یەکتربێت، جەنابت نمونەی کەسێکی (وەکو خۆت باسی دەکیت) کە بەباشی بەرهەمی شاهۆت بەکارهێناوە و سودت لێ وەرنەگرتوە ئەمە شتێکی ئاساییە بەڵام ئەوەی کە ئاسای نیە جەنابت بە قۆڵبڕ و کلاوات گیرفان پڕکەر ناومان بەریت، بۆ نمونە هەموکەس ئەزانێت حەبی پاراسیتۆل بۆ سەرئێشە باشە وکاریگەری سەلمێندراوە بەڵام ئەگەر سەرئێشەی جەنابتی چارەسەرنەکرد ئەمە ئەوە ناگیەنێت کە درۆ و کلاوات وقۆڵبڕیە چونکە هەرگرفتێك کە لەشی مرۆڤ توشی دەبێت هۆکاری زۆرە و گەلێك فاکتۆری جیاواز رۆڵی تێدا دەبینن کە لێرەدا نامەوێت زۆر درێژەی پێ بدەم.

جەنابت باست کردوە کە زۆر بەرهەمی تریشت بەکارهێناوە و ماوەی چەند ساڵێکە بەو گرفتەوە بێ تاقەت بویت!! دڵنیام ئەگەر سودت لەوانی تر وەرگرتایە لە کۆتایدا شاهۆت بەکارنەدەهێنا، وایە؟ ئایا توانیت بەو ناهەقیە لە سەر ئەوانیش بنوسیت و بەو خراپیە وەسفیان کەیت؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەگوێرەی ئەو ئەنجامانەی کە لای ئێمەوە بە بەڵگەوە تۆمارکراوە تا ئێستا تەنها ڕێژەی 5% خەلك سودی لە بەرهەمەکانمان وەرنەگرتوە و هیچ کەسێك لە بەکارهێنانی شاهۆ توشی هیچ زیانێکی لاوەکی یان مووەرین نەبوە، و هەزاران گەنجی وەکو جەنابت لە بەکارهێنانی شاهۆ سودمەند بوونە چارەسەی گرفتیان کراوە (کورد و بێگانە) و ڕۆژانە داواکاری زیاتر و دەست خۆشیمان بۆدێت وبە بەڵگەوە ئەم ئانجامانە هەموی لامان تۆمارکراوە.

بەرهەمەکانی شاهۆ لە پێناو خزمەتکردن پاراستنی جوانی و گەنجی مرۆڤ دا بەرهەم دەهێنرێت و ڕەنجی چەندها ساڵ و چەندەها زانا و زانست پەروەرە کە دەیانەوێت لە کژ و گیای خاکی کوردستان خزمەت بە مرۆڤایەتی و خاکەکەیاندا بکەن، لە کاتێکدا کە تەنانەت تەماتە و خەیار و سێو و هەمو کەل وپەلی ناوماڵ و جۆرەها خواردەمەنی و کەرەستەی ئێکسپایەری وڵاتانی دراوسێ و دوژمن دەهێنریتە کوردستان و لە بازاڕەکاندا با ئازادی مەزادی بۆ ئەکرێت بەرهەمەکانی شاهۆ یەکێکە لەو بەرهەمە زۆر کەمانەی (ڕەنگە تاقە بەرهەم بێت) کە لە کوردستانەوە دێت و لەسەر ئاستی جیهان با ئازادی و بەڕادەیەکی بچکۆلە دەفرۆشرێت (بە رادیەکی بچکۆلە جونکە بە داخەوە تا ئێستا لە کوردستان کارگەیەکمان نیە کە بتوانیت بە رادەیەکی گەورە ئاوی ئەو گیایانە بگرین و بەرهەمی بهێنین و تەنانەت تا ئێستا لە گەڵ ئەو داواکریە زۆرانەش کە ڵیمان دەکرێت ناتوانین گرێبەستی گەورە ببەستین بۆ بازاڕکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکانی شاهۆ بەڵام بە هیواین بەم زوانە جێ بەجێ بکرێت لەدوای چەندەها ساڵ ڕەنجدان و چاوەڕێ کردن و هەوڵدان بتوانین بەرهەمێکی خاکی کوردستان بە شێوەیەکی فراوانتر بگەیننە دەستی هەر مرڤێك کە پێویستی بەو بەرهەمانە هەبێت لە هەر شوێنێك بێت).

جێگەی داخە کە کەسانێك زۆر بەبێ گوێدانە ماندوبون و هەوڵ و تێکۆشان و ڕەنجی خەڵك بەم جۆرە لە سەر بەرهەمێکی گاریگەری سەلمیندراوی کوردی بنوسن، تەماشای ئەو بەڵگەنامانەکە کە راستی کاریگەری بەرهەمەکانی شاهۆ دەسەلمێنن و لە سەرئاستی جیهان باوەری پێکراوە، بێگومان هەمو کەس ئازادە لە ڕەخنەگرتندا بەڵام رەخنەیەك کە لە جێگەی خۆی بێت.

کاك دانا بریا پەیوەندیت بە خۆمانەوە بکردایە بۆ ئەوەی بمانتوانیایە بەوردی لێی بکۆڵینەوە کە جەنابت بۆ سودت وەرنەگرتوە لە بەرهەکانی شاهۆ و لەو راستیە بکۆڵینەوە نەك بەو شێوەیە هێرش بکەیتە سەرمان.

هەمیشە دەرگامان والآیە بۆ هەموو رەخنەیەکی بنیات نەر و سەرنج و ئامۆژگاریەك

بۆ بینینی بەڵگەکان تکایە کلیکی ئێرە بکە http://shaho. eu/kurdy1/ku1. docoments. htm***

لە گەڵ رێز و سوپاسماندا بۆ هەموو لایەك

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای شاهۆ
قەلەندەر بەرزنجی
(Shaho Hair Care (www. shaho. eu
Kalander Barzinjy
Kiesstrasse 69

64283 Darmstadt / Germany
Tel. +49 6151 154 6980
Mobile: +49 179 745 2525
Fax: +49 6151 307 2174
Email: kalander@gmx. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.